

ئافرەتان

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

# هاوکاری دارایی پارەپێدان بەبێ سوو و لێوەرگرتنەوە

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM هاوکاری دارایی دەبەخشێت بۆ پاڵپشتیکردنی فراوانکردنی کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان

- ئایا تۆ هاووڵاتییەکی عێراقی و ئافرەتێکی خاوەن پرۆژەیت؟
- ئایا پلانێکت هەیە بۆ فراوانکردنی پرۆژەکەت و دامەزراندنی ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاری ئافرەت؟
- ئایا پرۆژەکەت بۆ زیاتر لە یەک ساڵ لە کاردابووە و لانی کەم یەک کرێکاری تێدا دامەزراوە؟ یان، ئەگەر کارەکەت تازە دامەزراوە، ئایا ڕاهێنانی کارسازیت (پرۆژەسازیت) لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان دامەزراوەکانی ڕاهێنانی باوەڕپێکراوەوە وەرگرتووە؟

ئەگەر وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە "بەڵێ"یە،

**دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن لە ڕێگەی سکانکردنی ئەم QR کۆدە**

**بەستەری تۆمارکردنی سەرەتایی**

**https://bit.ly/EDFWEBL26**

| | | |
|---|---|---|
| **بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکەن بە یەکێک لەم ژمارانەی خوارەوە. لە کاتی دەوامی فەرمیدا**<br>**07725470840 - 07507107081 - 07504929140**<br>**07504299331 - 07517844347** | **تەنها لە:**<br>**شاری هەولێر** | **ماوەی تۆمارکردن:**<br>**٢٠٢٦/٨/٢ - ٢٠٢٦/٩/١٠** |

ئەو پرۆژانەی کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ئەمانەی خوارەوە، پارمەتی لە سندوقی EDF وەرناگرن:

- شتومەکی سەربازی و/یان چەک
- پلاستیکی یەکجار بەکارهێنراو (کوپ، کیسە، کەلوپەلی مەتبەخ، قاپ و قاچاخ)
- مادده زیانبەخشەکان (بۆ نموونە، کحول، تووتن، شیشە، ڤەیپ)
- ئامێری پزیشکی و پێداویستی پزیشکی
- مۆلیدەکان

پرۆسەی هەڵبژاردن لە شەش قۆناغ پێکدێت. دەبێت هەموو قۆناغەکان تێپەڕێنیت. ئەگەر پرۆژەکەت هەڵبژێردرا، کارمەندێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی یان کورتەنامەیەکەوە پەیوەندێت پێوە دەکات.

١ دەربڕینی ئارەزوو (پێشکەشکردنی فۆرمی سەرەتایی)
٢ پشتڕاستکردنەوەی دەربڕینی ئارەزوو
٣ فۆرمی داواکاری
٤ سەردانی لیژنەی وەبەرهێنان
٥ دانوستان و ڕێککەوتن
٦ هەڵبژاردنی کۆتایی و واژۆکردنی گرێبەست

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ هانی ئەو پرۆژانە دەدات کە لەلایەن کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن یان بەڕێوەدەبرێن بۆ ئەوەی داواکاری پێشکەش بکەن.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەخشینی هاوکارییە داراییەکە، سەردانی ماڵپەرەکەمان بکەن edf.iom.int یان کۆدی QR سکان بکەن

بۆ بینینی چیرۆکی سەرکەوتنی خاوەن پرۆژەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەرەکانمان بکەن بە سکانکردنی ئەم بارکۆدە

خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە تەواوی بێبەرامبەرن، و هەڵبژاردن بۆ سندوقی کۆتایی لەلایەن لیژنەیەکی سەربەخۆوە ئەنجامدەدرێت. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM پابەندە بە مامەڵەکردنی بەڕێزەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خزمەتیان دەکەین. ئەگەر هەر کارمەندێک یان کەسێکی ڕێکخراوی IOM بەناوی ڕێکخراوەکە داوای پارە، خزمەتگوزاری، یان کاری نەشیاوی لێ کرد، یان هەر جۆرە بەرتیلێکی پێشکەشکرد، تکایە دەستبەجێ ئەمە ڕاپۆرت بکە بە پەیوەندیکردن بە ژمارەی (80012525 - هێڵی خۆڕایی) یان (0662112525 - هێڵی ئاسایی). لە یەکشەممە تا پێنجشەممە، لە کاتی دەوام کاتژمێر 8:00 بەیانی تا 5:30 ئێوارەیە.

## پێوەرەکانی شایستەبوونی پێدانی بەخشینە داراییەکە

ئەو پرۆژانەی کە پێوەرەکانی هەڵبژاردنیان تێدایە کە لە خشتەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێکراوە دەتوانن داواکاری بۆ هاوکاریە داراییەکە پێشکەش بکەن، و هەر پرۆژەیەکی ناشایستە ڕەتدەکرێتەوە:

- پێویستە پرۆژەکە لەلایەن ئافرەتێکی عێراقییەوە خاوەندارێتی بکرێت و بەڕێوەببرێت.
- پرۆژە تازە دامەزراوەکان (کە کەمتر لە ١ ساڵە کاردەکەن): پێویستە لە بەرنامەیەکی هەڵهێنەرانی کار، خێراکەری کار، یان کارسازی (پرۆژەسازی) دەرچووبن و لانی کەم نموونەیەکی سەرەتایی کارایان هەبێت.
- پرۆژەکانی قۆناغی سەرەتایی و پرۆژە کاراکان (زیاتر لە ١ ساڵ): پێویستە لانی کەم یەک کرێکاریان هەبێت و بوونی فرۆشی ڕاستەقینە یان دروستکردنی داهات بسەلمێنن.

### چۆن پرۆژەکان هەڵدەبژێردرێن؟

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM سیستەمێکی خاڵبەندی و هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی بەکاردەهێنێت بۆ ئامادەکردنی لیستی درێژ و لیستی کورتی داواکارییەکان. ئەولەوییەت دەدرێت بەو پرۆژانەی کە زانیاری ڕاست و دروست و گونجاو پێشکەش دەکەن. هەر پێشکەشکارێک کە لە قۆناغەکانی پشتڕاستکردنەوەدا دەرکەوێت زانیاری چەواشەکارانەی دەربارەی کارەکەی بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM داوە، ڕەتدەکرێتەوە.

| ستانداردی هەڵبژاردن | وردەکارییەکان |
| --- | --- |
| ئەو بڕە پارەیەی لە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی داوادەکرێت | • بڕە پارەی سندوقی EDF لە نێوان ٦,٥٠٠,٠٠٠ دیناری عێراقی بۆ ٣٩,٠٠٠,٠٠٠ دیناری عێراقیدان، بڕی زیاتر تەنها لە حاڵەتی تایبەت دا پەسەند دەکرێت.<br>• پێویستە بڕی داواکراو لەگەڵ پێداویستییەکانی فراوانکردنی پرۆژەکە گونجاو بێت.<br>• پلانێکی گونجاو، ڕێک و پێک، و تێروتەسەل بۆ فراوانکردنی پرۆژەکە ئەگەری هەڵبژاردن زیاد دەکات. پێشکەشکاران دەتوانن هەر بڕێک لە نێوان ٦,٥٠٠,٠٠٠ - ٣٩,٠٠٠,٠٠٠ دیناری عێراقی داوا بکەن، بە مەرجێک بە ڕوونی پاساوی بۆ هێنرابێتەوە. |
| بەشداری دارایی خاوەن پرۆژە لە پلانی فراوانکردنەکەدا | • توانای زیاتری خاوەن پرۆژە بۆ بەشداریکردن لە پلانی فراوانکردنی پرۆژەکەدا بە ئەرێنی سەیر دەکرێت لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەکەدا . |
| کۆی ژمارەی کرێکارانی ئێستا | • پێویستە ژمارەی کرێکارە ڕاگەیەنراوەکان دروست بێت، چونکە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM لە قۆناغە جیاوازەکاندا پشتڕاستی دەکاتەوە.<br>• پێویستە ژمارەی کرێکارەکان خاوەن پرۆژەکە نەگرێتەوە.<br>• پێویستە خاوەن پرۆژە تەنها ئەو کارانە تۆمار بکات کە بۆ ماوەی درێژخایەنن، و ئەو کرێکارە کاتییانە ناگرێتەوە کە بەپێی پێویستی دادەمەزرێن. |
| ژمارەی ئەو کرێکارە زیادانەی کە پێویستن | • ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM ئەو پرۆژانە هەڵدەبژێرێت کە پلانی فراوانکردنیان هەیە و پێویستیان بە دەستی کاری زۆرە، کە هەلی کاری بەردەوام بۆ کرێکاری نوێ دروست دەکات.<br>• ئەولەوییەت دەدرێت بەو پێشکەشکارانەی کە ژمارەیەکی ڕاست و دروست لە هەلی کاری نوێی دروستکراو پێشکەش دەکەن بەپێی قەبارەی ئێستای کارەکە و ئەو فراوانبوونەی کە پلانی بۆ دانراوە.<br>• پێشبینی دەکرێت ئەو پێشکەشکارانەی کە داوای بڕە پارەی زیاتر لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM دەکەن، کرێکاری زیاتر دابمەزرێنن.<br>• پێویستە هەلی کارە پێشنیارکراوەکان بە کاتی تەواو و درێژخایەن بن (لانی کەم ١٢ مانگ). جۆرەکانی تری کارکردن لەوانەیە پەسەند بکرێن بەپێی هەڵسەنگاندنی هەر کەیسێک بە جیا.<br>• پێویستە مووچەی فەرمانبەرە نوێیەکان لەگەڵ یاساکانی کەمترین مووچەی گونجاو بێت. |
| تێکڕای قازانجی مانگانە | • پێویستە خاوەن پرۆژە ئاماری دروست بۆ تێکڕای قازانجی مانگانە پێشکەش بکات، بۆ نیشاندانی بەردەوامی پرۆژەکە و توانای بۆ فراوانبوونی زیاتر.<br>• ئەو پێشکەشکارانەی کە ئاماری نادروست پێشکەش دەکەن لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە لە قۆناغەکانی پشتڕاستکردنەوەدا ڕەتدەکرێنەوە. |
| بڕی قەرزە کەڵەکەبووەکان | • پێویستە خاوەن پرۆژەکە تەنها قەرزی تایبەت بە پرۆژەکە تۆمار بکات.<br>• قەرزەکە دەکرێت لەلایەن دابینکەران، خاوەن موڵک، بزنسی تر، بانک، و دابینکەرانی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە بێت.<br>• هەبوونی قەرز ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی پرۆژەکەت. بەڵام، پێشکەشکردنی زانیاری چەواشەکارانە سەبارەت بە بڕی قەرزی پرۆژەکەت دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوە. |
| تەمەنی پرۆژە (بە ساڵ) | • ژمارەی ئەو ساڵانەی کە پرۆژەکە تێیدا لە کارکردندا بووە. |
| ساڵەکانی ئەزموونی خاوەن کار | • ژمارەی ساڵەکانی ئەزموونی خاوەن پرۆژە لەو کەرتەدا، بەو ئەزموونانەشەوە کە وەک فەرمانبەرێک لە کارەکانی تردا بەدەستی هێناوە. |
| باری یاسایی پرۆژەکە لە ڕووی تۆمارکردنەوە | • پێویستە پرۆژەکە تۆمارکرابێت لە یەکێک لەم لایەنانەی خوارەوە: وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی پیشەسازی، وەزارەتی تەندروستی، ژووری بازرگانی یان ژووری پیشەسازی.<br>• پرۆژە تۆمارنەکراوەکانیش هێشتا مافی پێشکەشکردنی داواکارییان هەیە بۆ مینحەکە و لەبەرچاو دەگیرێن، بەڵام، ئەگەر پارەیان پێدرا، داوایان لێدەکرێت کارەکە تۆمار بکەن وەک بەشێک لە پلانی فراوانکردنەکە. |
| گشتگیری (لەخۆگرتن) | • ئێمە هانی پێشکەشکردنی داواکاری دەدەین لەلایەن ئەو پرۆژانەی کە ئافرەت خاوەنیانن، وە ئەو پرۆژانەی کە پیاوان خاوەنیانن بەڵام زۆرینەی کرێکارەکانیان ئافرەتن. هەروەها هانی پێشکەشکردنی داواکاری دەدەین لەلایەن ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان، وە ئەو پرۆژانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان دادەمەزرێنن. |